وەسفکردنی هەندێک لە خۆشی وسزاکانی نێو گۆڕ

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر مردوو لە گۆڕ دانرا -یان فەرمووی: یەکێکتان- دوو فریشتەی ڕەش وشین دێن بۆ لای، بە یەکێکیان دەووترێت: مونکەر، وبە ئەوی تریان دەووترێت: نەکیر، دەڵێن: چی دەڵێیت سەبارەت بە ئەم پیاوە؟ (مردووەکە) دەڵێت: ئەوە بەندە وپێغەمبەری خودایە، (أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله)*، دەڵێن: دەمانزانی تۆ ئەمە دەڵێیت، پاشان حەفتا باڵ لێکدانی حەفتا گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکرێت، پاشان بۆی ڕۆشن وڕووناک دەکرێتەوە، پاشان پێی دەووترێت: بخەوە، دەڵێت: دەگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم وپێیان دەڵێم، دەڵێن: بخەوە وەکو خەوی زاوا کە خۆشەویستترین کەسی نزیکی بەخەبەری دەکاتەوە، هەتاوەکو خوای گەورە زیندووی دەکاتەوە لەو شوێنی مانەوەی، وئەگەر (مردووەکە) منافیق -دووڕوو- بێت: دەڵێت (سەبارەت بە پرسیاری فریشتەکان): بیستم خەڵکی دەیانووت ومنیش وەکو ئەوان دەمووت، نازانم، (فریشتەکان) پێی دەڵێن: دەمانزانی تۆ ئەمە دەڵێیت، بە زەوی دەووترێت: تەنیشتەکانی خۆتی لەسەر تەنگ بکەرەوە، بۆیە ئەویش تەنیشتەکانی خۆی لەسەر تەنگ دەکاتەوە، وپەراسووەکانی دەچن بەناو یەکتردا، بەردەوام (لە نێو گۆڕەکەیدا) سزا دەدرێت هەتاوەکو خوای گەورە زیندووی دەکاتەوە لەو شوێنی مانەوەی». *(واتا: شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێک شایەنی (پەرستن نییە بە هەق وڕاست جگە لە خوای گەورە، وشاهێدی دەدەم موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر مردوو لە گۆڕ دانرا، دوو فریشتەی ڕەش وشین دێن بۆ لای، ناوی یەکێکیان: مونکەر، وناوی ئەوی تریان: نەکیرە، دەڵێن: چی دەڵێیت سەبارەت بە ئەم پیاوە (مەبەستیان پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-)؟ ، مردووەکە دەڵێت: ئەوە بەندە وپێغەمبەری خودایە، (أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله)*، فریشتەکان دەڵێن: دەمانزانی تۆ ئەمە دەڵێیت، پاشان حەفتا باڵ لێکدانی حەفتا گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکرێت، پاشان گۆڕەکەی بۆ ڕۆشن وڕووناک دەکرێتەوە، پاشان پێی دەووترێت: بخەوە، دەڵێت: دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ لای کەسوکارم وپێیان بڵێم سەبارەت بەوەی حاڵم باشە بۆئەوەی دڵخۆش بن بەمە ودڵتەنگ نەبن سەبارەت بە من، دەڵێن: بخەوە وەکو خەوی زاوا کە خۆشەویستترین کەسی نزیکی بەخەبەری دەکاتەوە، بۆیە دەخەوێت بە دڵخۆشی هەتاوەکو خوای گەورە زیندووی دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، وئەگەر مردووەکە منافیق -دووڕوو- بێت: دەڵێت (سەبارەت بە پرسیاری فریشتەکان): بیستم خەڵکی دەیانووت ومنیش وەکو ئەوان دەمووت، ئەویش ئەوەیە (محمد رسول الله)، نازانم لە ڕاستیدا ئایا پێغەمبەری خودایە یان نا، (فریشتەکان) پێی دەڵێن: دەمانزانی تۆ ئەمە دەڵێیت، بە زەوی دەووترێت: تەنیشتەکانی خۆتی لەسەر تەنگ بکەرەوە، بۆیە ئەویش تەنیشتەکانی خۆی لەسەر تەنگ دەکاتەوە، وپەراسووەکانی لە شوێنی ڕێکی خۆیان نامێنن بەهۆی ئەم تەنگ کردن وبەیەکداچوونەوەی زەوی وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی پەراسوو وئەندامەکانی تری لاشەی بچن بەناو یەکتردا وبگوشرێن، وهەرلایەک دەچێت بۆ لایەکەی تر، بەردەوام لە نێو گۆڕەکەیدا سزا دەدرێت هەتاوەکو خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا زیندووی دەکاتەوە. *(واتا: شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێک شایەنی پەرستن نییە بە هەق وڕاست (جگە لە خوای گەورە، وشاهێدی دەدەم موحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11211